# ئه‌مشه‌و، شه‌وی پێشمه‌رگه‌یه‌..!

نوره‌دین سه‌عید وه‌یسی



شه‌ڕی pkk - یه‌کێتی‌وپارتی
سه‌ری ساڵی 1992ی جوانه مه‌رگ کرد
شه‌ڕی پارتی- سۆسیالیست
بزووتنه‌وه‌-یه‌کێتی
ده‌ستیان له‌گه‌ردنی سه‌ره‌ساڵی1993 ناو
ڕه‌وانه‌ی دۆزه‌خیان کرد
کریسمسه‌کانی 1994و1995و1996
وه‌ك حاجی له‌قله‌قه تا قانه‌که‌ی هه‌ولێر
که‌وتنه به‌ر ده‌سترێژی
شێره‌کوڕانی پارتی‌و یه‌کێتی و
به‌ده‌م ئازارێکی قووڵه‌وه
سه‌ریان نایه‌وه و شه‌هید بوون
** ** ** **
داستانی ((ئازادکرنی هه‌ولێر)) و
((گه‌رده‌لوولی تۆڵه))
سه‌ره‌ساڵی 1997 یان ڕاماڵی‌و
خـێرا خـــــــــێرا
به‌ره‌وپه‌تی سـێداره‌یان برد
کریسمسه‌کانی 1998و1999
2000و2001و2002
چیرۆکی هه‌زارویه‌ك شه‌وه‌ی
پرۆسه‌ی ئاشتی
به‌ڵێنه بێ‌شوماره‌کانی ئه نجامدانی هه‌ڵبژاردن و
ته‌حریم و ته‌جریمکردنی براکوژی
کوشـــــــــــتی
*** *** ***
نازانم چه‌ند کریسمسی دیکه ده‌ژیم
یه‌ك، پێنج
پازده، بیست وپێنج
به‌ڵام تۆزقاڵێکیش گه‌شبین نیم
کریسمسه‌کانی‌داهاتوو
بێ‌شه‌ڕترو
بێ‌کێشه‌ترو
بێ ئاژاوه‌تربن
له‌کریسمسه‌کانی ڕابووردو

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

**چونکه دڵنیام**

**لە ( (سلێمانی پالاس ) ) و ( (هەورامان ) ) و ( (چوارچرا ) )**

**لە ( (دمدم ) ) و ( (ژیان ) ) و ( (ئەبوسەنا ) )**

**لە ( (ئەنکەرە ) ) و ( (ستۆکهۆڵم ) ) و ( (واشنتۆن ) )**

**لە ( ( پاریس ) ) و ( (لەندەن ) ) و ( (بۆن ) )**

**پاڵەوانانی براکوژی**

**شەوانی سووری تیا بەسەردەبەن**

**لەجیاتی خوێن**

**پارەو پوولی ئەم میللەتەی تیا دەڕێژن و**

**شەڕابی سووریش نۆش دەکەن..**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت